Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.22090409

# هەندێک لە گرفتەکانی فێربوونی زمان لای منداڵ

ئالان محمد اورحمان

کۆلێجی بازرگانی// بەشی گەشتوگوزار// زانکۆی سلێمانی

فەرهاد تۆفیق حسن

کۆلێجی زمان// بەشی وەرگێڕان// زانکۆی سلێمانی

*Article Info*

Received: September , 2022
Accepted : November ,2022
Published :December , 2022

*Keywords*

گرفتەکانی فێربوونی زمان، زمانی منداڵ، وەرگرتنی زمان.

*Corresponding Author*

Alan.awrahman@univsul.edu.iq
Farhad.hasan@ univsul.edu.iq

**پوختە**

توێژینەوەکە بە ناونیشانی( هەندێک لە گرفتەکانی فێربوونی زمان لای مندا)ەو باس لە بەشێک لەوگرفتە زمانیانە دەکات،کە تووشی منداڵان دەبێت، بۆ ئەم مەبەستەش توێژینەوەکە بەسەر دووبەشدا دابەشکراوە، لە بەشی یەکەمدا باسمان لەو گرفتە زمانیانە کردووە ، کە لەکاتی درکاندن و گفتوگۆکردندادەردەکەون دووگرفتمان باسکردووە ئەو انیش(شڵەژانی ئاوازی گوتن ، زمانگیران)ەو لە دوو پاردا دەستنیشانکردنی گرفتەکەو هۆکارەکانی تووشبوونی وچارەسەرەکانیمان باسکردووە.

لە بەشی دووەمی توێژینەوەکەماندا باسمان لەوگرفتەزمانیانە کردووە ، کە هەم لەدرکاندندا دەردەکەون و هەم گرفتیان لە خستنەپاڵیەکی ڕێزمانیدا هەیە ، لەم بەشەشدا هەردوو گرفتی (گرفتی زمانی دیاریکراو ، دیسلکسیا)مان باسکردووە ، لە دوو پاردا نیشانەکانی و هۆکارەکانی تووشبوونی وچارەسەرەکانیمان خستوتە ڕوو.دواتر ئەو ئەنجامانەمان نووسیوە ، کە بە دەستهاتوون لە توێژینەوەکەدا ، لە کۆتایشدا ئەو سەرچاوانەمان ئاماژە پێداوون ، کە سوودمان لێوەرگرتوون.

پێشەکی:

توێژینەوەکە بە ناونیشانی (هەندێک لە گرفتەکانی فێربوونی زمان لای منداڵ) ە ، کارمانکردووە لەسەر بەشێک لەو گرفتە زمانیانەی ، کە تووشی منداڵ دەبێت لە قۆناغە جیاوازەکانی تەمەنیدا. لە ژیانی جیهانگیری ئەمڕۆدا بەهۆی سەرقاڵی خێزان ودایک و باوکان بە کارکردنەوەو هەروەها بەهۆی ئەو بالادەستیەی ، کە تەکنەلۆژیاو ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان هەیانە لا ژیانی مرۆڤەکان و بەتایبەت لە ژیانی منداڵاندا، وایکردووە ، کە گرفتە زمانیەکان لە ناومنداڵاندا ڕوو لە زیادبوون بکات و جۆرەجیاوازەکانی لەناو کۆمەڵی کوردیشدا دەربکەوێت، هەربۆیە ئێمە ئەم توێژینەوەیەمان لەم بوارە ئەنجامدا تا بەشێک لەو گرفتانە وهۆکاری توشبوونیان و چارەسەریان بخەینەڕوو، بە ئومێدی ئەوەی هەم سودی بۆ زانستی زمان و هەم بۆ کەسوکاری توشبوو خودی تووشبووی نەخۆشیەکان هەبێت.

لە توێژینەوەکەشماندا ڕێبازی پەسنیمان پەیڕەوکردووە لە باسکردن ودیاریکردن و چارەسەرکردنی نەخۆشیەکاندا.

کلیلە وشەکان (گرفتە زمانییەکان، شڵەژانی ئاوازی گوتن ، زمانگیران، گرفتی زمانی دیاریکراو)

## بەشی یەکەم: گرفتە زمانییەکان لە درکاندندا

### 1/1 - گرفتە زمانیەکان

گرفتەکانی زمان لە منداڵاندا پێکدێن لە کۆمەڵێک گرفت ،کە پۆلێنکراون بە پێی ڕێبەری دەستنیشانکردنی گرفتە دەروونییەکان وزمانییەکان ،کە بەگشتی گرفتی هەرەسەرەکییەکانیان پێکدێت لە گرفتی فێربون و بەکارهێنانی زمان. هۆکاری ئەم گرفتانەش دەگەڕێتەوە بۆ کەموکورتی لە تێگەشتن و وەرگرتن و فێربونی((دەنگ و پیت و شەو و ڕستە ودەق )) ، کە ئەمەش لەناو گرفتەکانی زمانی بەسەر چوار جۆرتێکچوون دا دابەش دەکرێت کە ئەمانەن :

١/ تێکچون لە گوتن و درکاندن (Articulation disorder )

٢/تێکچون لە قسەکردن ( Speech disorder)

٣/ تێکچون لە زمان ( Langueg disorder )

٤/ تێکچون لە بیستن (Hearing disorder)

بەگشتی دەکرێت کێشە هەبێت لە قسەکردن، نوسین یان ناسینەوەی دەستەواژەو ئاماژەکانی زمانەوانی. لە گەڵ ئەوەشدا، دەبێت هەڵسنگاندن بکرێت بۆ هەردوو لایەنی (توانای دەربڕینی زمان و وەرگرتنی زمان)، ڕەنگە کەسێک گرفتی توندی هەبێت ، لە دەربڕینی فۆنیم بڕگە و مۆرفیم و وشەو قسەکردن بەڵام گرفتی نەبێت لە گوێگرتن و تێگەشتنی زمان، ئەمەش بەپێی ناوچەکانی بەرپرسی زمانی ڕوودەدەن لە مێشک .

بەگشتی گرفتەکانی دواکەوتنی گەشەی زمان کاریگەری لەسەر ڕێزمان و فێربونی وشە دەکەن، بەجۆرێک کە کەسەکە گرفتی بۆدروستدەبێت لە دروستکردنی پەیوەندی و گفتوگۆدا (Communication). ڕەنگە منداڵ گرفتی هەبێت لە بەکارهێنانی ئەو وشانەی کەدەیان زانێت بەڵام نەتوانێت وەك خۆی دەریانبڕێت ، یان ڕەنگە وشەیەک ،کە چەند مانایەکی هەیە نەتوانێت بە پێی ماناکەی بەکاریان بهێنێت و نەزانێت لە شوێنی خۆی دایان بنێت ، یا ڕەنگە گرفتی هەبێت لە بەبیر هێنانەوەی ناوی زۆربەی ئەو وشانەی کە هێمادارنین لە جیهانی دەرەوە بۆنموونە ( کاتیگۆرییەکانی ئاخاوتنی وەك : ئاوەڵناو ، ئاوەڵکردار ، کردار ، ئامرازەکان ....هتد ) ناتوانن شیبکەنەوە لێیان تێبگەن لەگەڵ واتاکانیان بۆیان لێکنادرێت ، چونکە ڕادەی بەهێماکردنی ئەو فۆرمانەی ، کە سەربەم کاتیگۆرییانەی ئاخاوتن هەندێك جارو اتاکانیان قورسەو ناتوانرێت شیان بکاتەوە بەتایبەتی لەو منداڵانەی ، کە دواکەوتنی گەشە زمانییان هەیە لەبنەرتدا وەك منداڵانی هایپەر(ADHD) بەنموونە کەمەبەست لێی منداڵانی زۆر جوڵاو و کام سەرنجن ، یان کە لە زۆربەی بارەکاندا ئەگەر ئەو منداڵە یان ئەو کەسە گرفتی درککاندنی هەبێت، ئەوە کەواتە گەورەترین گرفتی زمانی هەیە بەهیچ شێوەیەك ناتوانێت هیچ جۆرە پەیوەندییەك دروستبکات لەگەڵ دەوروبەرەکەی بۆئەوشانەی ، کە فێریان بوە یا وتنەوە ولەبەرکردنی ژمارە و ناوی ڕەنگەکان و شێوەکان بەنموونە ، کەلە سەرەتای فێربوون و گەشەی زمانیدا وەری گرتووە .

بەگشتی ئەوەی گرنگە ئەوەیە، کە تێبینی ئەوە بکرێت ، کە ئاستی گەشەی زمان لای منداڵێک کە گرفتی زمانی هەیە لە خوار ئاستی ئاساییەوەیە، ئەمە کاریگەری دەخاتە سەردواکەوتنی بەرەوپێشچوونی لایەنی ئەکادیمی وزانستی گرفتی بۆ دروست دەکات لە خوێندنگە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیدا، هەربۆیە گرفتی زمانی لە چەند شوێنێک بۆ دروستدەبێت وەك (ماڵ،قوتابخانە، لەگەڵ هاوڕێیان... ).

لەم توێژینەوەدا ئێمە هەوڵ دەدەین بە گشتی باسی گرفتەکانی زمان بکەین لەلای منداڵ . گرفتەکانی زمان پۆلێن کراون بۆ چەند گرفتێک، وەک و (دیسلیکسیا،گرفتی زمانی دیاریکراو، شڵەژانی ئاوازی گوتن ، زمان گرتن ). بەگشتی باسی هەریەکێک لەوانەی ، کە ناویان هێنرا دەکەین.

### 2/1 گرفتە زمانیەکان لە درکاندندا

### ٢/1 -1 شڵەژانی ئاوازی گوتن

#### 2/1-1-1 پێوەرەکانی دەستنیشانکردن

ا- گرفتی بەردەوامی دروستکردنی ئاوازی گوتن ، کە کاریگەری دادەنێت لەسەر ڕوونی و تێگەیشتنی گوفتار یان ڕێگر دەبێت لە گەیاندنی پەیامە زارەکیەکان .

ب- ئەم شڵەژانە دەبێتەهۆی سنوردارکردنی پەیوەندیەکی کاریگەر، کە کاریگەری دادەنێت لەسەربەشداری کۆمەڵایەتی ، دەسکەوتی ئەکادیمی ، یان چالاکی پیشەیی ، بەشێوەی جیاجیا یان کۆمەڵ.

پ- دەستپێکی نیشانەکان لەسەرەتای ماوەی گەشەکردندایە.

ت- ئەم گرفتانە بەهۆی بارودۆخێکی زگماکی یان بەدەستهاتووەوەنین ، وەک ئیفلیجی مێشک ، قڵیشانی مەلاشو ، کەڕی یان لە داستدانی بیستن ، بربنداری وزەبری مێشک ، یان باروودۆخی تری پزیشکی و دەماری.

#### 2/1-1-2 تایبەتمەندیەکانی دەستنیشانکردن

دروستکردنی ئاوازی گوتن وەسفی دەربڕینی ڕوونی وشەکان دەکات (وەک: دەنگە تاکەکان) کە بە تێکەڵکەدنیان وشەیەک ،کە بشێت بۆگوتن دروست دەکەن. دروسکردنی ئاوازی گوتن پێویستی هەیە بە زانیاری دەنگیی ئاوازی گوتن توانای ڕێکخستنی جوڵەی ئەو ئەندامانەی ، کە بۆ گوتن بەکاردێن وەک (چەناگە، زمان، لێوەکان) لەگەڵ هەناسەدان و دەربڕین ،کە پێویستن بۆ گوتن ئەو منداڵانەی کە گرفتی دروستکردنی گوتنیان هەیە ڕەنگە گرفتیان هەبێت لە زانینی دەنگەکانی ئاوازی دەنگ یان گرفت لەڕێکخستنی جوڵەی گوتن بە پلەی جیاواز. کەواتە شڵەژانی ئاوازی گوتن جیاوازە لە

ميكانيزمە بنەڕەتيەكانى و بەشێكە لە شلەژانى دەنگسازى و شلەژانى گوفتار كاتێك شلەژانى ئاوازى دەنگ دەستنيشان دەكرێت ،كە دروسكردنى ئاوازى گوتن لە ئاستى چاوەڕوانيدا نەبێت بە پشتبستن بەتەمەنى منداڵ وقۆناغى گەشەكردنيەوە ، كاتێكيش كە كەموكورتى گوفتار ئەم شلەژانە بە هۆى پەككەوتەى جەستەيى،پێكهاتەيى، دەمارى يان بيستنەوە نەبێت. لە نێو منداڵانى چوارساڵاندا پێويستە بە گشتى گوتنى منداڵ ڕوونبێت و بتوانرێت لێى تێبگيەيت،كەچى بۆ منداڵانى تەمەن دەە ساڵ ڕەنگە تەنيا ٥٠% لێى تێبگەين. (World helth organization:1993 :276,)

3-1-2/1 تايبەتمەندى پاڵپشتيكەرى دەستنيشانكردن

شلەژانى زمان،بەتايبەتى كەموكورتى دەربڕين ،ڕەنگە لەگەڵ شلەژانى ئاوازى گوتن هاوكات ڕوبدات وزۆرجار خێزانەكە پێشنەى توشبونيان بە شلەژانەكانى زمان و گوتن هەيە.

ئەگەر لايەنێكى گرفتەكە تواناى ڕێكخستنى خێراى ئەندامانى دەربڕينى گوتن بێت،ڕەنگە پێشينەى دواكەوتوى يان ڕێكخراوى بۆ بەدەستهێنانى شارەزايى ئەندامەكانى دەربڕين و ماسولكەكانى پەيوەنديداربە دەموچاو بەكاردەهێنێت،ئەم شارەزايانە وەك جوين،هێشتنەوەى دەم بە نەكراوەى،مشكردن.ڕەنگە بوارەكانيترى ڕێكخستن و هەماهەنگى ،جوڵەى توشى پەككەوت بوبن وەك لە شلەژانى گەشەى هەماهەنگ .دەستەواژەى شلەژانى زارەكى بەهەمان شێوە بەكار دەهێنرێت بۆگرفتى دروستكردنى گوتن.

ڕەنگە گوتن بەهۆى بارودۆخێكى جينيەوە توشى پەككەوتەيى بێت (وەك:نيشانەكانى داون،سڕينەوەى كرۆمۆسۆمى q22،بازدانى جينى foxP2).ئەگەرئەمانە هەبن ئەوە دەبێت كۆدى زمانييان پێبدرێت.

4-1-2/1 ماوە وگەشەكردن

فێربوونى دروستكردنى ئاوازى گوتن بە ڕوونى و دەقيقى، فێربوونى دروستكردنى گوتنى پاراوى پەيوەنديدار بەيەكەوە كارامەيى گەشەكردنن.پێكەوە بەستن و دروستكردنى ئاوازى گوتن شوێن سيفەتى گەشەكردن دەكەوێت،كە كاردانەوەى ڕێساكانى تەمەنە بۆ تاقيكردنەوە ستانداردەكان.منداڵان هەميشە لە پرۆسەى گەشەكردنى ئاساى لە كاتى فێربوونى قسەكردن،پرۆسەكانى گەشەكردن بۆ كورتكردنەوەى وشە و بڕگەكان بەكار دەهێنن،بەڵام پێشكەوتنيان لە كۆنترۆڵكردنى دروستكردنى دەنگى گوتن پێويستەبيێتەهۆى قسەكردنێك ،كە بتوانرێت لێى تێبگەين ،لە تەمەنى 3 ساڵيدا.منداڵانى توشبوى شلەژانى ئاوازى گوتن بەردەوام دەبن ،لە بەكارهێنانى پرۆسەى سادەكردنى دەنگى لە كاتێكدا،كەمنداڵانى هاوتەمەنيان بەردەوام دەبن لە دروستكردنى وشەكان بە ڕوونى.

(بە پێى تەمەن و و ڕێساكانى كۆمەڵگە لە تەمەنى 7 ساڵيدا پێويستە ،كە زۆربەى ئاوازە گوفتارييەكان بە ڕوونى دەربڕێن و زۆربەى وشەكان بە وردى بخوێنرێنەوە.زۆربەى ئەو دەنگانەى ،كە بە هەڵە دەردەبڕێن ،لە هەمانكاتدا لە دواتردا فێريان دەبن، هەشت دواكەوتوەكە؛(ل،ر،س،ز،پ، dz و ژ). دەربڕينى هەڵەى هەريەك لەم دەنگانەى هەتا 8 ساڵى دەكرێت لە سنورى ئاساى دابنرێت كاتێك، كە منداڵ لە چەند دەنگێكى تايبەت كێشەى هەبێت ڕەنگە باشتر بێت كە هەندێك لەو دەنگانە وەك بەشێك لە پلانى باشتركرنى ڕوونى زمان باشتربكرێن پێش ئەوەى كە بگاتە ئەو تەمەنى كە بە نزيكەيى هەموو منداڵان دەتوانن بە دروستى ئەو دەنگانە دەربڕن.فسەفسكردن(وەك:دەربڕينى ناجۆرى و فسكەفسك ) بە تايبەتى بڵاوە و ڕەنگە شێوازى پێشەوە و پاشەوەى ئاڕاستەى ڕێڕەوى هەوا بەشداربێت ، ڕەنگە ئەم حاڵەتە هاوكاتبێت لەگەڵ شێوازى نائاساى قوتدانى زمان(Koob,J Le Moan,M.&Thompson,:2010:8

|هەندێك لە گرفتەكانى فێربوونى زمان لاى منداڵبەى منداڵانى توشبوى شلەژانى ئاوازى گوتن كاردانەوەيان بۆ چارەسەر ئەرێننيە،وگرانى گوتن بە تێپەڕبونى كات باشتر دەبێت،كەواتە ئەم شلەژانە ڕەنگە لەگەڵ ژياندا نەبێت.هەرچۆنێك بێت،كاتێك ،كە شلەژانى زمانيش هەبێت،ئەوە داهاتوى چاكبونەوەى شلەژانى گوفتار لاوازتر دەبێت ، ڕەنگەهاوكاتبێت لەگەڵ شلەژانێكى تايبەتى فێربوون.

ئەم پەشێويە زۆرجار تێكەڵاو دەبێت لەگەڵ شلەژانى زمانى دياريكراو بە نزيكەيى لەنێو منداڵانى 3بۆ 6 ساڵ بەگشتى ڕێژەكەى 4% بۆ16%دايە، كە ئەم منداڵانە كێشەيان هەيە لە قسەكردن كە تێدا گرفتى فۆنۆلۆجى و دەربڕينيان هەيە بە گشتى ئەم منداڵانە هێزو كێشەيەكى جەستەى و زمان گيرانيان نييە بەگشتى دەكرێت هۆكارى بۆماوەيى ڕۆڵى زۆرە زياد لە جينێك هەيە،كە بەرپرسە لەم نەخۆشييە. (Koob,J Le Moan,M.&Thompson,:2010:876)

5-1-2/1 چەندجۆرە چارەسەرێك هەيە، كە تێيدا هەوڵى چارەسەرى منداڵانى تووشبوو دەدەرێت

1- ڕێگەى چارەسەرى دەربرين لە ڕێگەدا ئەولادانە دەنگييە ديارى دەكەن، كە منداڵەكە هەيەتى لەلايەن كەسى پسپۆڕ، بە مەبەستى ڕاستكردنەوەى ئەولادانانە.
2- ڕێگەى فۆنۆلۆجى زمانەوانى لێرەدا هەندێك لەودەنگانە ديارى دەكرێت ،كە منداڵ بە هەڵە دەريان دەبڕێت، كە لە چارەسەرەكەدا تەركيز دەخرێتە سەر تاكە وشە واتە دەنگ بە دەنگ ديارى دەكرێت و كاريان لەسەر دەكرێت. Amarican speech language hearing (association)

3/1 زمان گيران (Stammering_stuttering )

زمانگيران بريتييە لە زمان گرت نو ناپاراوى زمان لە دەربڕينى ڕستەو وشەدا، زۆرجار كەسەكە وشەو بڕگە و دەنگ دوبارە دەكاتەوە، وە هەروەها دەكرێت كە وەستان و بلۆك ڕوبدادت لە وشە و دەنگەكاندا.

بەگشتى منداڵ سەرەتا ، كە زمان فێردەبێت زۆرجار وشە دوبارە دەكاتەوە،وەستانى دەبێت لە وشەكاندا، دەنگى درێژ و درێژكردنەوەى وشە ڕستەدا. بەگشتى زمانگرتن لە تەمەنى گەورەساڵيدا خۆ بەخۆ نامێنێت، بەڵكو لە كاتى هەبونيدا كەسى توشبوو هەست بە قەلەقى و ئيحراجى دەكات و زۆر جار ڕەفتارى دوەميشى لەگەڵدايە وەك ( توندكردنى چەناگە، چاوڕوكاندن و سەر جوڵاندن و شان جوڵاندنى خۆنەويستانە). كەسى توشبوو بەم حاڵەتە ئەم ڕەفتارانە دەكات بۆ كەمكردنەوەى ئاستى زمان گيرانەكەى بەڵام زۆر جار دەبنە هۆى هەست كرد بە شەرمەزارى لەلاى كەسەكە.

زمان گيران دەكرێت بە دوو بەشەوە (neurogenic and psychogenic) دەرونى و دەمارى. دەرونى ئەوەيە كە هۆكارێكى دەرونى لەپشتە بۆ دروستبونى وەك توشبون بە زەبرى دەرونى، دەمارى ئەوەيە ، كە هۆكارێكى دەمارى لە پشتە بۆ دروستبون وەك برينارى مێشك. (Stuttering: An Overview)

**1-3/1 هۆکارەکانی توشبوونی ئەم گرفتە:**

**1- هۆکاری دەماری**

توێژینەوەکانی بواری مێشک دەریان خستوە،کە جیاوازی هەیە لە هەندێک ناوچەی مێشک لەو کەسانەی، کە زمانیان دەگیرێت بەبەراورد بەو انەی ،کە بێگرفتن بەتایبەت لە ناوچەکانی دەنگ، جوڵە و بەیسەڵ گانگلیا. وە هەروەها ئەوکەسانەی، کە گرفتی زمانگرتیان هەیە ناوچەی ڕاستی مێشکیان زیاتر چالاکە،هەروەها نارێکی هەیە لە نێوان ئەوناوچانەی مێشک کە پەیوەندیان بە زمانەوەهەیە.

هەرەها نارێکی لە گەیەنەری دۆپامین بەدیکراوە لەو انەی کە گرفتی زمان گرتنیان هەیەو پێدانی ئەو دەرمانانەی کە ئاستی ئەم گەیەنەوە زیاد دەکەن بوەتە هۆی کەمبونەوەی ئاستی زمان گیران.

**2- هۆکاری بۆماوەیی(جینی)**

توێژینەوەکان ئاماژە بە ڕۆڵی بۆماوەی دەکەن لە پەرەسەندنی زمانگیران، ٣٠٪ بۆ ٦٠٪ ئەوکەسانەی کە گرفتی زمان گرتنیان هەیە لە ناو ئەندامانی خێز انەکەیاندا کەسی تر هەیە ،کە گرفتی زمان گیر انی هەیە، لە بەرامبەریشدا تەنها ١٠٪ ئەو انەی گرفتی زمان گرتنیان هەیە لە خێز انکەیاندا کەس نیە ،کە گرفتی زمان گیر انی هەبێت،مەترسی زۆر زیاتر دەبێت گەربێت و باوک پێشینەی زمانگیر انی هەبێت ،یان لە خێز انەکەیاندا هەبێت بە بەراوەرد بە دایک. توێژینەوەکان پێیان و ایە کە ٩ جین هۆکارن لە دروستبوونی زمان گیران ،کە لەسەرچەند کرۆمۆسۆمێکی جیاوازن وەک کرۆمۆسۆمەکانی (١٨،١٣،١٢،١٠،٩).

**3- هۆکاری دەرونی کۆمەڵایەتی**

توێژینەوەکان پێیان و ایە کە هۆکەرەکانی زەبری دەرونی منداڵی، توندو تیژی جەستەیی، سێکسی و پەراوێزخستن ڕۆڵیان هەیە لە دروستبوونی زمان گیران. لەگەڵ ئەوەشدا زۆرجار لە هەرزەکاریدا دەبێتە هۆی ئەوەی ،کە کەسەکە توشی شەرمەزاری و گۆشەگیری بێت بە هۆی زمان گرتنەوە، دەکرێت توشی نەخۆشی دەرونی تربێت بەو هۆیەوە. بۆنموونە لە ٣٨٪ ئەو کەسانەی کە زمانگیر انیان هەیە لە هەرزەکاریدا لانیکەم توشی نەخۆشیەکی تری دەرونی دەبن وەک خەمۆکی یان نەخۆشیەکانی دڵەڕاوکێ. (Perez, H. & Stoeckle, J. :2016:62

**2-3/1 نیشانەکانی ئەم گرفتە زمانییە**

1- برین و گرفت لەڕەو انبێژی بەردەوامی لە قسەکردندا ، بەجۆرێك ئەم جۆرە زمان گرتنە پەیوندی بە تەمەنەوە نییە و بۆنموونە کەسەکە منداڵ نییە تا ئاسایی قسە بکات بەلکو گرفتێکی زمانی هەیە بۆیەبەو شێوەیە قسە دەکات، کە ئەتو انیین بەیەکێك یان زیاتر لە یەکێک لەم خاڵانەی خوارەوە بیناسینەوە .

أ- دووبارەکردنەوەی دەنگ وبرگەکان

ب- درێژکردنەوة دەنگەکان

ت- دەربرینی وشەی بچربچر وەك وەستان لە وشەکاندا

ث- شکاندنی وشەکان

ج- وەستانی قسەکردن بە دەنگ یاخود بەبێ دەنگ و اتە هەندێك جار لە وەستانەکەدا دەنگ دەردەبڕێت لە کاتی هەوڵدان بۆ وتنی وشەیەك وە هەندێکجار دەنگی لەگەڵدا نییە.

ح- خۆدوورگرتن لە و وشانە،کەدەبنە هۆی زمان گرتن لە بەر انبەریدا بەکارهێنانی کۆمەڵێك وشەو دەستەواژەی تر،کە ئاماژەبن بۆ مەبەستەکەی کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوە مەودای قسەکردن درێژببێتەوە بەو مانایەی درێژدادڕی لە قسەکردندا رودەدات.

خ- دووبارەکردنەوەی وشە یەك برگەییەکان

د- لەکاتی دەربرینی وشەکاندا گرژی لە هەندێك لە جەستەیدا دروست دەبێت وەك چەناگە ،جوڵاندنی دەم وچاو....هتد

2- ئەم گرفتە دەبێتە هۆی دروستبوونی دڵە راوکێ سەبارەت بە قسەکردن و هەروەها دەبێتە هۆی سنوردارکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی و گرفتی بۆ دروستدەکان لە کارو باری ڕۆژ انەیدا بەپێی پیشەکەی.

3- ئەم گرفتە زمانییە بە هۆی ئەوە دروست نەبووە ،کە ئەم کە ئەم کەسە هەندێك گرفتی تری زمانی هەیە وەك گرفتی دەماری یان نەخۆشیەکی جەستەیی هەیە بەڵکو لە و ڕووەوە هیچ کێشەیەکی نییە. (American Psychiatric Association:2013:5)

**3-3/1 چارەسەری ئەم گرفتە زمانیە:**

چارەسەری گرفتی زمانگرتن مشتومرێکی زۆری لەسەرە لە ئێستادا لەبەرئەوەی زیاتر لە سەدا حەفتایان لە ماوەی دوو ساڵی گرفتەکەدا بە پێوەرگرتنی چارەسەری چاکدەبنەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێك چارەسەری دانراوە بۆ ئەو منداڵانەی،کە چاکنابنەوە بەبێ وەرگرتنی چارەسەر.ئەم ڕێگایانەهەن بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە:

**1- ڕێگەی ناراستەوخۆ:**

ئەم ڕێگەیە زیاتر لەڕێگەی ناراستەخۆ کار لەچارەسەرکردنی گرفتەکەدەکات لە ڕێگەی گۆڕینی ژینگەی منداڵەکە، بە جۆێک منداڵەکە هەست نەکات ئەم گۆرینی ژینگەیە بەشێکە لەچارەسەرەبۆنموونە ئەم چارەسەرە بەگشتی ئەوڕەفتارو هەست و ترسانە دەکاتە ئامانج کە بوونەتەهۆی دروستبوونی گرفتەکە.

**2- ڕێگەی راستەوخۆ**

ئەم ڕێگەیە جیاوازە و منداڵەکە ئاگادارە، کە چارەسەروەردەگرێت هەندێك نموونە لەم چارەسەرە کەمکردنەوەی ڕێژەی قسەکردن و زیادکردنی وەستانەکان لەکاتی قسەکردندا ڕێگەدان بە منداڵەکە ،کە قسەکانی تەواو بکات بە بێئەوەی قسەی پێببڕێت وە چارەسەرکردنی خۆ هێورکردنەوە لەڕێگەی هەناسەدانی قوڵەوە. *Sidavi,* (*A.* Fabus*, A.:2010:14-15)*

بەشی دووەم: گرفتە زمانییەکان

ئەو نەخۆشی و گرفتانەی هەم لە دەربڕین و هەم لە ڕێزماندان

1/2 گرفتی زمانی دیاریکراو (Specific Language Impairment Across Languages)

ئەم گرفتە بریتییە لە گرفتی بەرچاو لە قسەکردندا بەشێوەیەکی درێژخایەن، کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کاریگەری نەرێنی دابنێت لەسەر لایەنی ئەکادیمی و کۆمەلایەتی کەسی توشبوو، ئەو منداڵەی ،کە ئەم حاڵەتەی هەیە گرفتی هەیە لە دەنگی وشەکان و ڕێزمان بە گشتی.

ئیڤانس و براون (٢٠١٦) بەو شێوەیە پێناسەی ئەم حاڵەتەیان کردوە ، کە بریتیە لە " دروست بەکارنەهێنانی زمان لە قسەکردن و نوسیندا و بونی گرفت لە تێگەشتندا. سەرەڕای ئەوەی، کە کەسەکە ئاستی زیرەکی ئاسیە، و هەروەها بیستنی و ئەو ئەندامانەی کە پەیوەندیان بە قسەکردن وبیستن هەیە سەلامەتن و هیچ گرفتێکی جەستەیی و پزیشکی نییە."(Hickok & Small :2016)

ڕێژەی ئەو مندالانەی ، کە گرفتی زمانی دیاریکراویان هەیە کێشەی بیستن یان کێشەی کەموکورتی لە ئۆرگانەکانی ئاخاوتن قسەکردن نییە، وئاستی زیرەکییان لە ئاستی ئاسایدایە. لە ٪٧ مندالانی ٥ ساڵ پێکدەهێنن.بە گشتی هەبونی ئەم حاڵەتە ڕەنگە هۆکارێکی ڕونی نەبێت ، وەک ئەو گرفتانەی زمان ،کە دروست دەبن لە مندالانەی کە ئۆتیزم ،ناکامی زیرەکی یان توشی زەبری سەربون و زیان بە هەندێک بەشی مێشکیان کەوتبێت. بە گشتی ئەم حاڵەتەش ڕەنگە بەردەوامبێت و هەتا تەمەنی گەورەییش بمێنێت.

ئەو مندالانەی کە ئەم حاڵەتەیان لەگەڵدایە گرفتیان هەیە لە پێکهاتەکانی زماندا ، وەک گرفت لە ڕێزمان، لە نوسین و ناسینەوە و تەنانەت خوێندنەوەش، کە هەر لە منداڵیەوە سەرهەڵدەدات بێ هەبونی هۆکارێکی ئاشکرا. هەرجەندە هەندێک توێژینەوە ئاماژە بۆڕۆڵی بۆماوەیی دەکەن لە توشبون بەم حاڵەتە، بەڵام هەندێک تری توێژینەوە پێیان وایە ،کە ژینگەش ڕۆڵی گرنگ دەگێڕێت و پێشنیاری ئەوە دەکەن، کە ژینگەو بۆماوە بەیەکەوە دەبنە هۆی گەشەکردنی ئەمە حاڵەتە. و هەندێک توێژینەوەش پێیان وایە ، کە قەبارەی هەندێک ناوچەی مێشک لە کەسی توشبوو ئاسایی نییە، بە بەراورد بە کەسێکی ئاسایي، بۆنمونە ناوچەکانی ( perisylvian and posterior perisylvian region or plenum temporal ،inferior frontal region ( ،frontal-temporal-parietal region )، و هەندێک توێژینەوەی تر دەریانخست کە مادەی ڕەساسی ناوچەی قسەکردن لەمێشک جیاوازە لە کەسانی توشبوو وەک لەکەسانی ئاسایي. ( Abnormal functional lateralization and activity of language brain areas in typical specific language impairment (developmental dysphasia))

1/2_ 1 نیشانەکانی ئەم نەخۆشییە لای منداڵی خوارتەمەنی چوونە قوتابخانە:

1- کەسی تووشبوو تو انای کۆنترۆڵکردنی نوسین و قسەکردن نییە .
2- کەسی تووشبوو گرفتی هەیە لە پێکەوەلکاندنی وشەکان و خستنەرستەوە.
3- کەسی تووشبوو گرفتی لە فێربوونی وشەی نوێ وتازە هەیە،بەمەش وشەی تازە لە ناوچەی یادگەی درێژخایەن خەزن ناکات .
4- کەسی تووشبوو گرفتی هەیە لە شوێنکەوتنی یاساکانی زمان وناتو انێت هەرکەرەستەکانی ڕستە لە شوێنی خۆی دابنێت .

ئەو نیشانانەی کەلە مندالانی گەورەتروکەسانی پێگەشتوودا هەن ئەمانەن :

1- تو انایان سنوردارە لە بەکارهێنانی ڕستەی ئالۆزگرفتیان هەیە لەهەڵبژاردنی وشەی گونجاو.
2- گرفتیان هەیە لەم وشانەی یان لەو دەستەواژ انەی نەی، کە زیاترلەو اتایەکییان هەیە ناتو انن لەمانا شاراوەکەی تێبگەن ، بەنموونە ئیدیۆم و وشە و اتا لێڵەکان .

٣--گرفتیان هەیە لە خوێندنەوە و پەشێوی لە نوسین وهەڵە ڕێزمانی و نوسینی پیتەکان.

(B. Leonard :2014:183)

1/2- 2 هۆکارەکانی تووشبوون بەم گرفتە

١- هۆکاری بۆماوەیی

توێژینەوەکان پێیان و ایە ، کە سەرهەڵدانی ئەم گرفتە پەیوەندی با بۆماوەیی خێز انییەوە هەیە بە جۆریک ئەگەرکەسێک لە خیز انەکەیدا ئەم گرفتەی هەبووبێت ، ئەگەری توشبوونی بەم گرفتە زمانیە زیاترە ، ئەم خشتەیەی خوارەوە دەرئەنجامی کۆمەڵێک توێژینەوەیە ،کە راستی بوونی بۆماوەیی دەسەلمێنن.

| ناوی توێژەر | سەرچاوەی زانیاری | گروپی هەڵگر(propand) واتە ئەم جۆرە کەسانە خێز انەکانیان هەڵگری ئەم جۆرە نەخۆشیەیە لە رووی بۆماوەییەوە | گروپی هەڵگر(propand) واتە ئەم جۆرە کەسانە خێز انەکانیان هەڵگری ئەم جۆرە نەخۆشیەنیە لە رووی بۆماوەییەوە |
|---|---|---|---|
| (Neils and Aram (1986 | ر اپرسی | 20 | 3 |
| (Tallal, Ross, and Curtiss (1989a | ر اپرسی | 39 | 19 |
| (Tomblin (1989 | ر اپرسی | 23 | 3 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| (Haynes and Naidoo (1991 | چاوپێکەوتن | 22 | ----- |
| (Tomblinand Buckwalter (1994 | تاقیکردنەوەی ڕاستەوخۆ | 21 | ----- |
| (Lahey and Edwards (1995 | ڕاپرسی | 26 | ----- |
| (Plante, Shenkman, and Clark (1996 | ڕاپرسی | 38 | 0 |
| Plante, Shenkman, and Clark (1996 | تاقیکردنەوەی ڕاستەوخۆ | 63 | 17 |
| van der Lely and Stollwerck (1996 | ڕاپرسی | 39 | 9 |
| (Rice, Haney, and Wexler (1998 | چاوپێکەوتن | 22 | 7 |
| (Tallal et al. (2001 | ڕاپرسی | 32 | 8 |
| (Tallal et al. (2001 | تاقیکردنەوەی ڕاستەوخۆ | 30 | 7 |
| Conti-Ramsden, Simkin, and Pickles (2006 | چاوپێکەوتن | 35 | ------ |
| Conti-Ramsden, Simkin, and Pickles (2006 | تاقیکردنەوەی ڕاستەوخۆ | 35 | ------ |
| (Barry, Yasin, and Bishop (2007 | ڕاپرسی | 32 | 6 |
| (Barry, Yasin, and Bishop (2007 | تاقیکردنەوەی ڕاستەوخۆ | 24 | 9 |
| (Lindgren, Folstein, Tomblin, and Tager-Flusberg (2009 | تاقیکردنەوەی ڕاستەوخۆ | 52 | ----- |
| Rice, Smith, and Gayán (2009 | تاقیکردنەوەی ڕاستەوخۆ | 40 | ----- |

خشتەی(١)

ئەم خشتەیە کۆمەڵێک توێژینەوەیە ،کە کاریگەری بۆماوەیی ڕووندەکاتەوە سەبارەت بە توشبونی ئەم گرفتە ،کە لە ستوونی گروپی هەڵگردا ڕێژەی توشبوون بەم گرفتە زمانیە بەرزترە بە بەراورد بە گرووپی کۆنترۆڵ.

٢- هۆکاری دەماری

توێژینەوەکان پێیان وایە کەسانی توشبوو بەم گرفتە گرفتیان لە هەندێک بەشی مێشک هەیە، بۆ نموونە هەندێک خانەکانی ناوچەکانی ناوچەی (CORTIX) و هەندێک ناوچەی (INSULA) هەیە ،هەروەها بوونی گرفت لە ناوچەی ( LEFT INFERIOR FROM TAL CORTEX) لەگەڵ ناوچەی ( AUDITORY ASSOCATION CORTEX) (NEUROBIOLOGY OF SLI 474-475)

3/1/2 چارەسەرکردن ئەم گرفتە زمانییە

پێویستە هەڵسانگاندنێک بکرێت بۆ تو اناو شارەزاییەکانی ئەو منداڵە لە تێگەیشتن و دەربڕی لە بوارە جیاوازەکانی زماندا وەک مۆرفۆلۆجی و ڕێزمان و ئاستەکانی تری زمان لەبەرئەوەی لە هەرمنداڵێکدا ڕەنگدانەوەی گرفتەکە جیاوازە چونکە دەشێت هەر منداڵێک لە ئاستێکی زماندا گرفتەکەی هەبێت، هەروەها چارەسەرەکەشی دەگۆڕێت بەپێی تەمەنی منداڵەکە، لەچارەسەردا هەندێک بەش دەکرێت جەخت کەسەرئەوە بکرێتەوە هەندێک یاسای زمانی تایبەت فێری کەسەکە بکرێت یاخود ڕەنگە جەخت بکرێتەوە لەسەرو اتای وشەکان.

خێز انیش ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە چارەسەرکردنی ئەم گرفتەدالە ڕووی پر اکتیزەکردنی ئەو بابەتانەی، کە کەسی پسپۆرلە چارەسەرکردنی ئەم گرفتەیەدا ڕێنماییان پێدەدا.(Elin Thordardottir :2007:1-9 )

چارەسەرەکانیش هەمەجۆرن کە زیاتر چارەسەری ڕەفتارین بۆ نموونە:

١- چارەسەرکردنی لاسایکردنەوە، وەک لاسایکردنەوەی کەسی بەر انبەر.

٢- بە نموونەکردنی کەسێکی باڵا یان کەسێک ،کە لەلای گرنگ بێت بۆ ئەوەی بتو انێت هەمەن ڕێچکەی ئەوکەسە بگرێت وەک مامۆستاکەی یان باوکی یان کارەکتەرێک، کە کاریگەری لەسەر منداڵەکە هەبێت.

٣- هاندانی ڕەفتاری ئەمەش لەڕێگەی پاداشتکردنی منداڵەکە کاتێک ڕستەیەک بە باشی دەڵێت یان ئەرکی چارەسەرەکان بەجاونی جێبەجێدەکات.

٤- دووبارەکردنەوەو درێژکردنەوە: و اتە دووبارەکردنەوە و درێژکردنەوەی ئەووشەو ڕستانەی ، کە منداڵەکە گرفتی تێدا هەیە.

٥- پشتبەستن بە تەکنەلۆژیاوئامێرە ئەلیکترۆنییەکان بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە وەک بوونی هەندێک بەرنامەی ئەلیکترۆنی، کە منداڵ فێری چۆنیەتی قسەکردن دەکات(Dennis,D. Charlton, J. 2017: 3 )

2/2 دیسلکسیا

یەکێك لەو گرفتانەی ژمارەیەکی زۆر توێژینەوەی لەسەر کراوەو، بەڵام هێشا قورسە بتو انین پێناسەیەکی پراوپری بۆ بکرێت بەڵام بەگشتی دەتو انین بەم شێوەیە پێناسەی بکەین:

دیسلکسیا بریتییە لە ئەوگرفتەی ،کە منداڵ توشی دەبێت لە خوێندنەوەدا. (Petretto, D. &Masala, C. 2017:1)

پێناسەیەکی تر دەربارەی دیسلکسیاهەیە ،کە ڕێکخراوی دیسلکسیا نێودەوڵەتی کردوویەتی بە پێی ئەم پێناسەیە دیسلکسیا بریتییە لە(ناکامی لە فێربوون ،کە بنەمایەکی دەماری هەیە تایبەتمەندییەکانیشی بریتین لە بوونی گرفت لە ناسینەوەی وشە کان هەروەها لاوزی لە نووسین و تو انای تێگەیشتن لە خوێندنەوەدا ئەم

گرفتانەش دەبنە هۆی کەموکورتی لە پێکهاتەکانی دەنگسازی لە زماندا هەروەها دروستبوونی گرفت لە خوێندنەوەو تێگەیشتن لە خوێندنەوە کە ئەکرێت ببێتەوە رێگربکردن لە فێربوونی وشەوز انیارییەکان) (https://dyslexiaida.org/definition-of-dyslexia/)

1-2/2 نیشانەکانی ئەم گرفتە زمانییە

1- بوونی گرفت لە فێربوون و بەکارهێنانی کارامەییە ئەکادیمییەکان کە بە یەکێك یان زیاتر لە یەکێك لەم نیشانەنای خوارەوە کە لانیکەم بۆ ماوەی شەش مانگ یان زیاتر دیاریدەکرێت.

a- خوێندنەوەی نادەقیق یان هێواش و چەناگەشکێنی وشە وەك خوێندنەوەی تاکە وشەکان بە شێوەیەکی هەڵە یان هێواش یان هەندێك جار وشەکە ناناسێتەوە بەڵام بەگریمانە دەربدەبرێت.

b- گرفت لە تێگەیشتن لە مانای ئەوەی پێشتر خوێندویەتییەوە، رەنگە بە تەواوی خوێندبێتەوە، بەڵام گرفتی هەیە لە تێگەیشتن لە زنجیرەو پەیوەندییەکان و مانای قوڵی یان مانا ناراستەوخۆی وشەو دەربرراوەکان.

c- گرفت لە نووسینی پیتەکاندا، رەنگە پیت زیادبکات یان کەم بکات بەشێوەی هەرەمەکی یاخود خستنە شوێنێکیتری پیتە بزوێن ونەبزوێنەکان.

d- گرفتی هەیەلە دروست نوسین بەردەوام هەڵەی رێزمانی و خاڵبەندی دەکات لە رستەکاندا.

e- گرفتی هەیە لە کۆنترۆڵکردنی مانا و راستی ژمارەکان یاخود ژماردنیان بۆنموونە گرفتی هەیە لە تێگەشتن لە گەورەو بچووکی ژمارەکان و پەیوەندیان بە یەکەوە.

f- گرفتی هەیە لە بیرکاریدا وەك چارەسەرکردن و حەلکردنی هاوکێشە بیرکارییەکاندا.

2- ئەبێتە هۆی گرفتی بەرچاو لە لایەنی ئەکادیمی و پیشەیی ئەوکەسە وکاریگەری لەسەرژیانی رۆژانەی دەبێت

3- هۆکاری ئەم گرفتەبە هۆی بوونی کێشەی دەماری یان بینین و بیستنەوە نییە ،بەڵکو ئەم کەسە لەبنەرەتدا ئەم گرفتەی هەیە . American Psychiatric (Association:2013:66-68)

2-2/2 هۆکارەکانی ئەم گرفتە زمانییە

ئەم گرفتە تەنیا یەك هۆرکارنییە بۆئەوەی بتوانین دیاریبکەین، بەڵکو کۆمەڵێك هۆکاری جیاواز کاردەکەنە سەردروستبوونی ئەم گرفتە

1- یەکێك لەهۆکارەکانی ئەم گرفتە لاوازیە کەسەکە ،لە بەئاگایی بۆ دەنگەکان و ناسینەوەیان لەبەرئەوەی منداڵ بۆ ئەوەی فێری زمان ببێت پێویستە بەئاگابێت بۆ پێکهاتەی دەنگ و وشەکان .

2- هۆکاری دەماری جیاوازی هەیە لە ناوچەی مێشکی کەسی ئاسایی لەگەڵ ئەوکەسانەی کە توشی ئەم گرفتە بوون بۆنموونە کەم بوونەوەی چالاکی بەشی لای چەپی مێشك (Norton, E., D. Beach, S. E. Gabrieli, G :2015 :3)

3- ژمارەیەکی بەرچاو لە توێژینەوەکان باس لەرۆڵی بۆماوەیی دەکەن لە توشبوون بەم گرفتە بۆنموونە توێژینەوەکان ئەوە دەردەخەن ئەگەر منداڵەکە باوکی ئەم گرفتەی هەبێت ئەوا ئەگەری تووشبوونی بەم گرفتە لەسەدا چلە.

4- ئەوکەسانەی، کەگرفتایان هەیە لە کارامەیی دەنگەکان لە بەدەستهێنانی کارامەیی وشارەزایی لە فێربوونی دەنگەکان دەکرێت هۆکارێك بێت بۆ تووشبوون بەم گرفتە.

5- یەکێکیتر لەهۆکارەکانی تووشبوون بەم گرفتە گرفتە لە وشەسازیدا بەشێوەیەکە کە کەسەکە ئاگایی کەمە بۆ بواری وشەسازی.

6- کەموکورتی لە یادگەو بیری کەسەکەدا ،کە دەشێت زۆرێك لە زانیارییەکان لە مێشك و بیریدا بۆماوەیەکی درێژخایەن نەمێنێتەوە ببێتەهۆی توشبوون بەم گرفتەوە.

7- یەکێکی تر لە هۆکارەکانی ئەم گرفتە هۆکاری ژینگە و کلتورولایەنی کۆمەڵایەتی بۆنموونە کۆمەڵێك ژینگەداهۆکارە بۆ دروستبوونی ئەم گرفتە وەك لە قوتابخانەو ماڵ...هتد کەبەشێوەیەکی دروست مامەڵە لەگەڵ ئەو منداڵەدا نەکراوە زۆر جار لەقسەکردندا شەرمی کردووەیاخود شکێنراوە....کە ئەمانەش هۆکارن بۆ ئەم نەخۆشییە.

8- ئەوەی فێری قسەکردن وزمان ناسینەوەی وشە ببێت (Reid, G. (2009) (14-24)

3-2/2 چارەسەرئەم گرفتە زمانییە

هەندێك رێوشوێنی گونجا هەیە دەتو انرێت بگیرێتە بەربۆ چارەسەرکردنی کەسی توشبوو بەم گرفتە

1- رێوشوێنی دیکۆدینگ ئەم پرۆسەیە پشت بە ئاستی هوشیاری لایەنی دەنگسازی منداڵ دەبەستێت بۆدەنگەکان بەو مانایەی تا چەند ئاستی هوشیاری بەرزبێت ئەوە پرۆسەی دیکۆدینی بەرزتر دەبێت ، بە پێچەو انەشەوە.بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزیدا 26 پیت ،کە ئەتو انن لانی کەم 44 دەنگی جیاواز دروست بکەن، کە ئەمە گرفتە بۆ ئەو منداڵانەی، کە ئەم گرفتەیان هەیە،کەو اتە وەکو چارەسەر دەتو انین هۆشیاری دەنگی بەرز بکرێتەوەلای ئەم مندالەو زانیاری زیاتری لە بارەی دەنگەکانی زمانەوە پێی بگوترێت بەشێوەی پر اکتیکی.

2- خوێندنەوە رۆڵێکی گرنگی هەیە لە چارەسەرکردنی ئەم گرفتە لەلای منداڵ بەتایبەتی ئەوبابەتانەی، کە خۆی حەزی لێیەتی.

3- یاریکردن وەکو رێگەیەکی باش بەکاردێت لەلای منداڵان وەك هۆکارێکی چارەسەر یارییەکە بەشێوەی ئەلیکترۆنی یان کرداری لەم رێگەیەوە هەندێ نوسین وخوێندنەوەی تێدایە کەیارمەتی منداڵ دەدات بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکە(dyslexya a complete guide for parent and thoses who help 72-77 (them

4- به گشتی ئەو مندالانەی توشی ئەم گرفتە دەبن کێشەیان هەیە لە یادگەیان بۆیە ناتو انن شتی زۆر لەبەر بکەن بۆیە، پێویستە ئەوئەرکەی، کە پێیان دەدرێت بەشبەش بکرێت بۆنموونە بۆ فێربوونی وشەیەك دەشێت پیتو برگەکانی وشەکە دابەشبکرێن تاکو بتو انێت فێریان ببێت.

5- لاسایکردنەوەی کەسانی بالا ،کەلەلای منداڵ خۆشەویستن وەك باوك و دایك بۆنموونە کاتێك منداڵێک لەگەڵ باوکیدا یەك بابەت دەخوێننەوە بەدەنگێکی بەرز کاتێک مندالەکە هەڵەیەك دەکات باوکەکە بۆی راست دەکاتەوە ،کەئەش وەك ڕێگەیەکی دروست بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە بەکاردێت وە دوای ئەوەش،کە بەباشی بابەتێك دەخوێنێتەوەوە پاداشتێکی دەکرێت،کە ئەمەش ڕێگەیەکی هاندانە بۆرزگاربوون لەوگرفتەلەلای منداڵ.

6- راهێنانی وێناکردن یەکێکە لەو ڕێگایانەی دەتو انرێت بەکاربهێنرێت بۆ چارەسەرکردن بۆنموونە وشەیەك نیشانی منداڵەکە دەدەیت دو اتر پرسیاری پیتەکانی وشەکەی لێدەکیتەوە ئەم پرۆسیە پێویستە بەردەوام دووبارە بکرێتەوە تاکو تو انای منداڵەکە لە ناسینەوەی وشەکاندا زیاتر دەبێت.

(Reid, G. & Green, S: 2011:2-41)

4-2/2 هەڵسەنگاند و تاقیکردنەوە ی لایەنەجیاوازەکانی دیسلکسیا

چەند ڕێگەیەك هەیە بۆهەڵسەنگاندنی لایەنەجیاوازییەکانی هزری وکارامەیی کەسی توشبووبە دیسلکسیا کە لیرەدا هەوڵدەدەین چەند لایەنێك لەولایەنانە باس بکەین

1- پێو انەی هزری (cognitive measures)

بەشێکی گرنگ لە هەڵسەنگاندنی لایەنی هزری کەسانی تووشبوو بە دیسکلیسیا برتییە لە هەڵسەنگاندنی ئاستی زیرەکیان بۆئەم مەبەستەش پێو انەی (ویسلر) بۆ هەڵسەنگاندنی تو انای هزری بەکاردەهێنرێت لە مندالاندا لەگەڵ ئەوەشدا ئەم تاقیکردنەوەیە بە تەنیا هەڵسەنگاندن بۆئاستی زیرەکی ناکات بەڵکو هەڵلسەنگاندن بۆ تو انای دەربرینی زمان ویادگەی کورتخایەن و ئەوکارامەیانەی ترکە پەیوەندیان بە فێربوونەوەیە دەکات،بەگشتی مندالانی توشبوو بە دیسکلیسیا کێشەیان لە هزردا هەیە بۆنموونە تو انای بیرکردنەوە ڕێکخستن و لێکدانەوەی زانیارییەکان، بەگشتی کێشەشیان هەیە لەوزانیاریانەی کە زارەکین ناتو انن بە ئاسانی وەریان بگرن ولێیان تێبگەن. (reid, 2009, p 57)

2- پێو انەی پەروەردەییەکان (educational tests)

ئەم پێو انەپەروەردەییانە بەکاردەهێنرێن بۆ دیاریکردنی کارامەییەکانی نوسین خوێندنەوە بیرکاری و دروستنووسین ، کەتیایاندا هەڵسەنگاندن ئەکرێت بۆ خویندنەوە تو انای تێگەیشتن لە نووسین و خویندنەوە بۆ نموونە دروستنووسین لە ناو دەق و رستەدا یاخود نووسین و چیرۆك و پەخشان ...هتد( international dyslexia association)

3-تاقیکردنەوەی پرۆسە فۆنۆلۆجییەگشتگیرەکان(comprehensive test of phonological processin)

جۆرەکانی پرۆسەی فۆنۆلۆجی پەیوەندییان بە لێهاتووی لە ئاگایی لەبواری ناسینەوەی دەنگسازی و یادگەی دەنگسازی و خێر اناسینەوە و ناونانی کەرەستەکانەوە هەیە

بۆنموونە هەڵسەنگاندی لێهاتووی بە ئاگایي لەبواری ناسینەوەی دەنگسازی پێکدێت لەوەی ،کە کەسێك بەئاگایەو و دەستی ئەگات بەپێکهاتەی دەنگەکان .لەبەرئەوە پێویستە هەڵسەنگاندن بۆ پرۆسە فۆنۆلۆجییەکان بکرێت، چونکەیەکێکە لەوگرفتانەی توشی کەسانی بە دیسلکسیا دەبن،چونکە ئەگەر بێت و بە ئاگا نەبێت ناتو انێت بەپێی پێڕەوی دەنگی زمانەکە کەرەستەکان بخاتە پاڵیەکتر ووشەی و اتادار بەرهەمبهێنێت.

یادگەی فۆنۆلۆجی بریتیە لە کۆدکردنی زانیارییەکان لە مێشکدا گرفت لەم بەشەدا ئەوەیەکە منداڵەکە لە فیربوونی بابەتی نوێدا گرفتی هەبێت،گرفت لە خێر ایي ناونان و ناسینەوی کەرەستەکان ئەوەیە ،کە زانیاریەکان کۆدی پێبەخشیوون بیاناسێتەوە بەبیریان بهێنێتەوە . (reid, 2009, p 60)

بەشێوەیەکی گشتی دیسلیکسیا و جۆرەکانی ولقەکانیان لەم خشتەیەی خوارەوە ڕوونکراوەتەوە.

دیسلیکسیا

دیسلیکسیای گەشەسەندوو
هەروەها ناسراوە بە(دیسلیکسیای زگماك زبری(دەروونی))
↓
کەروو دەدات لە مندالاندا
(بەردەوام بوونی هەیەو هۆکاریشی نادیارە)
↓
دابەشکراوە بۆ چەند جۆرێك و بە دو انزە ناوی جیاوازوەسف کراوە
1. دیسکلیسیای زگماکی بینەیی (visual)

دیسلکسیاي بەدەستهاتوو
(هەمیشە ناسراو بە ئەلێکسا یان دیسلیکسیاي یاخود دیسلیکسیاي گەشەسەندوی تایبەت)کە
↓
هەمیشە لە کەسی پێگەیشتوودا روودەدات
(بەهۆی رووداوێکەوە)
↓
دابەشکراوە بۆ شەش جۆری جیاواز
1. دیسکلیسیای بەدەستهاتووی رووکەش(surface)

2. دیسکلیسیای زگماکی ببیستەنی(auditory)
3.دیسکلیسیازگماکی دیسفۆنەتیك (Dysphonetic)
4. د دیسکلیسیای زگماکی دیسیدیتیك(Dyseidetic)
5. دیسکلیسیای زگماکی تیکە (Mixed)
6. دیسکلیسیای زگماکی سیماتیك (Semantic)
7. دیسکلیسیای زگماکی فۆنۆلۆجی (Fonology)
8. دیسکلیسیای زگماکی وێنەیی (graphemic)
9. دیسکلیسیای زگماکی رووکەش (surface)
10.دیسکلیسیای دیسکلیسیای زگماکی جۆری ئیڵ (typy L)
12. دیسکلیسیای زگماکی مۆرفیمی (Morphemic)
(reid, 2009, p 91)
خشتەی ژمارە (٢)

2. دیسکلیسیای بەدەستهاتووی قووڵ(deep)
3 دیسکلیسیای بەدەستهاتووی فۆنۆلۆجی (Fonology)
4. دیسکلیسیای بەدەستهاتووی راستەوخۆ(direct)
5. دیسکلیسیای بەدەستهاتووی بینەیی (visual)
6. دیسکلیسیای بەدەستهاتووی بە ئاگایی(attentional

## ئەنجام

لە کۆتایی توێژینەوەکادا گەشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە

1- هەموو ئەوگرفتانەی باسکران لە توێژینەوەکەدا، هۆکارەکانی هەم هۆکاری بۆماوەیین، هەم هۆکاری ژینگەیین.
2- گرفتە باسکراوەکانی ناو توێژینەوەکە، تارادەیەکی باش دەتوانرێت چارەسەربکرێن، ئەگەر هۆکاری تووشبوونیان بۆماوەیی و بایۆلۆژی(دەماری) یان هۆکاری ژینگەیی بێت.
3- بەپێی ئەوچارەسەرەسەرانەی، کە دانراوە، بەتایبەت چارەسەری ژینگەییەکان، گرنگیدان بە مندال وتووشبووانی ئەم گرفتە زمانییەکان،لە هەرەچارەسەرەگرنگەکەن پێویستە دایکوباوکان گرنگیەکی زۆربە تێکەڵبوون وگفتوگۆکردن و دواندنی منداڵەکانیان بدەن.
4- هەرلەسەربنەمای چارەسەری ژینگەیی ، هاندان و پشتیوانیکردن یەکێکە لا هۆکارەکانی چارەسەرکردن.
5- کەم بەکارهێنانی ئامێرە ئەلیکترۆنیەکان، دوورکەوتنەوەلێیان ، یان سنووردانان بۆبەکارهێنانیان هەم رێگری و هەم چارەسەرێکی باشە بۆ توشبوون بەم گرفتە زمانیانە.

## لیستی سەرچاوەکان


1. American Psychiatric Association. (2013). Diagnostic and statistical manual of mental disorders (5th ed.) Arlington, VA: Author.
2. American speech and hearing association. https://www.asha.org/practice/
3. B. Leonard (2014). Children with Specific Language Impairment. London. Massachusetts Institute of Technology.
4. De Guibert, Maumet, Jannin, Ferre´,Tre´guier, Barillot . . . Biraben (2011). Abnormal functional lateralization and activity of language brain areas in typical specific language impairment (developmental dysphasia). BRAIN A JOURNAL OF NEUROLOGY. 134; 3044–3058.
5. Dennis,D. & Charlton, J. (2017). Speech and language therapy interventions for children with primary speech and/or language disorders (Protocol). John Wiley & Sons, Ltd.
6. Eadie, P., Morgan, A., Ukoumunne, O., Eecen, T., Wake, M. & Reilly, S. (2014) speech sound disorder at 4 years: prevalence, comorbidities, and predictors in a community cohort of children. development medicine & child neurology. 578-580.
7. Elin Thordardottir (2007). Effective Interventions for Specific Language Impairment. Canadian language & Literacy research network. 1-9
8. E. Prasse, J. & E. Kikano, G. (2008). Stuttering: An Overview. American Family Physician, 77,1271-1275
9. Hickok & Small (2016). NEUROBIOLOGY OF LANGUAGE. London. Elsevier.
10. international dyslexia association. https://dyslexiaida.org.
11. Koob, J., Le Moan, M. & Thompson, R. (2010).encyclopedia of behavioral neuroscience. San deiago. Elsevier.
12. Norton, E., D. Beach, S. E. Gabrieli, G. (2015). Neurobiology of Dyslexia. Curr Opin Neurobiol, 73-75
13. Perez, H. & Stoeckle, J. (2016). Stuttering Clinical and research update. Canadian Family Physician , 62, 479-485.
14. Petretto, D. & Masala, C. (2017). Dyslexia and specific learning disorders: new international diagnostic criteria. Journal of Childhood & Developmental Disorders,3,3.
15. Reid, G. (2009). Dyslexia A Practitioner’s Handbook Fourth Edition. West Sussex. A John Wiley & Sons, Ltd.
16. Reid, G. (2011). Dyslexia A Complete Guide for Parents and Those Who Help Them. West Sussex. A John Wiley & Sons, Ltd.

17. Reid, G. & Green, S. (2011). 100 IDEASFORSUPPORTING PUPILS WITH DYSLEXIA. London. Continuum International Publishing Group
18. Sidavi, A. Fabus, A.(2010) A Review of Stuttering Intervention Approaches for Preschool-Age and Elementary School-Age Children. IN COMMUNICATION SCIENCE AND DISORDERS , 37, 14-26
19. WORLD HEALTH ORGANIZATION. (1993). ICD-10, the ICD-10 classification of mental and behavioural disorders: diagnostic criteria for research. Geneva, World Health Organization

## Abstract

This research “Learning language disabilities in Children” aims at dealing with some of the language disabilities/difficulties that occur in children. For this, this research is divided into two sections. In the first section, we talk about the difficulties that occur during utterance and speech. To this regard, we talk about two disabilities: Speech Sound Disorder and Stuttering, in which we highlight the cause and treatment of these disorders in two parts. In the second section of the research, we shed light on the utterance, structure and grammatical difficulties that arise in a language. We talk about two more disabilities which are Specific Language Impairment and Dyslexia; bringing to fore their symptoms, causes of diagnoses and treatment in two parts. Then we bring about the results we achieve through this research. Finally, we reference the sources that we have benefited from.

## ملخص البحث:

البحث تحت عنوان (بعض مشاكيل تعميم اللغةعند الطفل) يتحدث من بعض المشاكل الت تواجه الطفل ،لهذا الغرض ثم تقسيم البحث الى قسمين ، المبحث الأول تناول المشاكل التى تواجه الطفل عند النطق، فى المطلب الأول( التلعثم، ارتباك لحن الكلام) و فى المطلب الثانى تحديد المشكلة واسباب الإصابة وعلاجها.

اما المبحث الثانى تناول المشكلة اللغوية من نطق ، ترتيب الحروف والقواعد عند الحادثة . وفى هذا القسمثم تناول المشكلتين (مشكيلة اللغة المحددة ، ديسكليسيا)الذى ثم شرحهما فى المطلبين من اعراض واسباب الصاب ومعالجها.و ثم ذكر النتائج كذالك المصادر التى ثم الاستفادة منها.